# 31 ئاب.....31ئاب.... 31 ئاب
# 31 ئاب... 31 ئاب.. 31 ئاب




ڕۆژی 31ی ئاب 2007 هەردوو ڕۆژنامەی پارتی و یەکێتی یادی ئەو ڕۆژەیان لەبیرچۆتەوە



ئەگەر پەڵەی زەرد[ڕەش] بێت بۆ پارتی ، ئەوا لەو ساڵانەی دوایی بووە بە پەڵەی کەسک{سەوز} [ڕەش] بۆ یەکێتی . ئەو کەسانەی لە ڕۆژی 31 ی ئابدا بوونە قوربانی لەشکری بەعس و شەڕی پارتی و یەکێتی ، هەنووکە کەس باسیان ناکات و کەسیش یادیان ناکاتەوە . ئەوە هەردوو ڕۆژنامەی {کوردستانی نوێ}ی سەر بە یەکێتی و {خەبات}ی سەر بە پارتی ، ڕۆژی 31 ئاب بەو شێوەیە لە کوردستان بڵاوبۆوە و کەوتە سەر شۆستەکانی کوردستان .بە یەک ووشەش بە چاکی یان خراپی ، یادی ئەو ڕۆژە ڕەشە نەکراوەتەوە .. کوا وێنەی {{{سەروەر و سەربەرزی شەهیدەکان}}}کە لەو ڕۆژە گیانیان لەدەست دا. ئەو دایک و باوکانەی ڕۆڵەکانیان بووە قوربانی لەو ڕۆژەدا یادیان دەکەنەوە و دەچنە سەر گۆڕەکانیان ، کێ بەشداری کردن لە دانانی چەپکەگوڵ لەسەر گۆڕی پیرۆزی کوڕەکانیان ، کێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی بەشداری ماتەمینی کردوون . ئەگەر بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی بەوشێوەیە بێت و ڕۆڵەی

دڵسۆزی خۆی لەبیر بکات ، خەڵکی بۆچی خۆی دەکاتە قوربانی ئەو حیزبەی کە ریزی لاشەکەی ناگرێت .ئەو نووسین و درووشمانەی لەو رۆژەدا بڵاودەکرانەوە و گوێی جەماوەری دەهەژاند ، هەنووکە بۆ پووچ بوونەتەوە و هێزیان نەماوە، لەپێناوی دۆراندنی چەند دۆلارێک قیژەبکەن و بێنەوە دەنگ .ئەو قەڵەمانەی کە ئاگری شەڕی ناوخۆیی خۆش دەکرد و ببووە زورنای سەرلەشکرەکان ، بۆ ئێستاکە بەرامبەر چەند دۆلارێک ووشک بووە و هیچی پێ نەماوە .   بۆ ئەو کەسانەی هەناویان هەردەم دژی شیوعیەکان ڕەشە  و هەناسیەیان بەرامبەر مێژووی تێکۆشانی شیوعیەکان بۆگەنە، راستیەکیان بەبیر دەهێنمەوە ، کە شیوعی یەکان سەربەرزانە  ،  لە سەردەمی [بەرەی نیشتمانی] لەگەڵ رژێمی بەعسی فاشی دا ، لە رۆژی




[8 شوبات]دا کە

بەعسیەکان ساڵی 1963 قەسابخانەیان بۆ شیوعیەکانی عێراق دامەزراند ، ئا لەو رۆژەدا رۆژنامەی {طريق الشعب} لە جیاتی رەنگی سوورەکەی بە رەنگی رەش دەکەوتە سەرشەقام و لە عێراقدا بڵاو دەکرایەوە . بەعسیەکان لە رووڕەشیدا نێوچەوانیان گرژ دەبۆوە و رۆژنامە رووزەردەکانیان دەکردە پەلار و رەخنە لە دژی شیوعیەت .بۆ یادی شەهیدانیش حیزبی شیوعی عێراقی ، وێنەکانی شەهیدان [سەلام عادیل] و [جەمال حەیدەری] و [محەمەد حسین ابو العیس]و [محەمەد سالح العبلی] بڵاودەکردەوە ،

کە بە دەستی بەعسیەفاشیەکان شەهید کرابوون . شەهید ئەو کەسە بێنرخە نی یە کە بازرگانی پێبکرێت ، لە پێناوی بەرژەوەندی کورسی و دەسەلاَت . ئەو هەموو وەرەقە[کاغەز][پەڕ]روو زەردانەی لە راگەیاندنی پێشووی هەردوو زلحیزب بڵاوکرایەوە ، هەتا ئەمرۆکە لە ئەرشیفی خەڵکی کوردستان دا زیندوون و گەواهی دەدەن بۆ ئەو مێژووە تاڵە . دەبا ئەوانەی دوێنێ ناو و ناتۆرەی بۆ بەرامبەرەکەی دروست دەکرد ، ئێستاکە خۆی سەرزەنشت بکات و رەخنە لە قسە و کردەوەکانی خۆی بگرێت . ئەو سەرکردایەتی یە کاڵفامەی کە خەڵکی بە بەعسی و خۆفرۆش لە قەڵەم دەدات ، کە ئێستاکە دژی هاوپەیمانیەتی رێکەوتنی پارتی و یەکێتی قسان دەکەن ، با بچێت جارێ نێوچەوانی خۆی لەو پەڵە رەشانە پاک بکاتەوە کە خۆی بەشدار بووە لەماچووموچی سەدام حسێنی مردوو و خۆی ببووە چاوساغی لەشکری فاشی بەعس

دژی ئەو هاوپەیمانەی تازەی .هەتا ئەمڕۆکە کابینەی تازەش دامەزراوە کەچی وەزارەتەکان یەکگرتوونین ، هەتا ئەمڕۆکە بە چاوی سووک سەیری ئەو کەسانە دەکرێن کە لە نێوان سلێمانی و هەولێر هاتووچۆ دەکەن و دەرس بە خوێندکاری کورد دەڵێنەوە . هەتا ئەمڕۆکە بە ئازادی لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی تەلەفۆن زۆر سەختترە لەوەی بۆ ئەمریکا و ئەوروپا و زیمبابۆی و مۆزەمبیق بکەیت .گەندەڵی و دزی و خزم و خزمایەتی بووە بە ئەو هاوپەیمانیەی کە هەردوو زلحیزب دەیەوێت جارەکی تریش ، لە هەڵبژاردنی داهاتووش لە دەرامەتی کوردستان پاوەنخواز بێت و هێمنانە دیسان فیفتی فیفتی دەسەڵات دابەش بکات . شەرمە بۆ ئەو سەرکردایەتی یەی مێژووی کورد لەکەدار دەکات . با نووسەرانی پسپۆری ئەو دوو زلحیزبە لێکۆڵینەوەکانیان دەربارەی 31 ئاب بخەنە بەرچاوی خەڵکی کوردستان و زیان و قازانجی ئەو مێژووە بە خەڵکی بناسێنن ، تاوەکو جارەکی تر دەست بۆ دوژمنانی کورد پان نەکرێتەوە بۆ قڕکردنی ڕۆڵەکانی کورد .

**فەهد گردەوانی 2007/9/3 ستۆکهۆڵم**